# گیا بە، بشنێوە، دەریا بە، پێل دە

ناسح حوسێن سلێمان

لە دەشتێکی کراڕ و چەقێندا، عەبدوڵڵا پەشێو هۆی داوەتەوە و زەویی شیعری بە بێژە ئاودارەکانی خۆی ئاوەنیا کردووە، پەشێو هەموو وشەگەنمی شیعرەکانی تا زەرد نەبن، دروێنەیان ناکات، پاشان لە داشگیر و کەویان دەدات، دایاندەبێژێت، ئەوجا لە مێرگێکی تەخت و بێ کون و کاژێردا هەڵیان دەخات.

پەشێو شیعری کوردیی ڕاستەڕێ کرد و تەکان و گوڕێکی گەورەی پێ دا، بە پێچەوانەی ئەوانەی وەپێش گەشەکردنی سروشتیی خۆیان کەوتن و خەریکە شیعر بنبەست دەکەن.

کاتێک شنەبا بە پەنا سیلەی جێژوانێدا دەخوشێ و سەرانسوێیی دەکات و بۆنی مۆرد و وەنەوشان بەو ناوە وەردەبێت، شیعرێکی وەک (هەڵچوون) لەدایک دەبێت. لێدانی دڵ و پرۆسەی هەناسەدان و وەرگرتنەوە، دوو جووڵانەوەی ئۆرگانیکی و زیندوون کە ئێمە لە ژیانی ئاسایی خۆماندا ئەوەندە هەستیان پێ ناکەین، بەڵام کاتێک شیعرێک دەبێتە هۆی خێراترکردنی لێدانی دڵ و هەناسە سوار دەکات، ئەوە پتر هەست بە زیندوویەتی دەکەین، ئەمە دەبێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ چێژ وەرگرتن لە شیعر، هەرچەندە لایەنی مۆسیقاکەی بەهێزتر بێت، جووڵانەوەکە بە گوڕتر و چێژەکەشی پتر دەبێت.

شیعرەکانی پەشێو، بە کۆن و نوێیەوە، بەردەوام دەخوێنرێنەوە، چونکە سوخەتێکی (سیفەت)ێکی سروشتی و ئۆرگانیکییان هەیە و هەردەم دەمێننەوە، ئاخر سروشت هەردەم باشترین سوخەت هەڵدەبژێرێت بۆ مانەوە، ئەم مانەوەیە پێوەرێکی بەهێزە بۆ ڕەخنە و گەورەترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی تیور و ڕای ڕەخنەگران، هەر شیعرێک کە بە درێژایی مێژوو خۆی هێشتەوە، ئەوە



پەشێو

بزانە هۆی مانەوەکەی بۆ بەرزیی ئاستی تیوری شێوە و ناوەرۆکی شیعرەکە دەگەڕێتەوە، ئەم بابەتە، بابەتی مانەوەی شیعر، زۆر گرنگ و سەربەخۆیە کە ڕەخنەی کوردی هێشتا ئاوڕی لێ نەداوەتەوە، کەلێنێکی گەورەیە لە گوتاری ڕەخنەی کوردی کە زۆر لێی بێئاگایە و باشترین پێوەری ڕەخنەیی فەرامۆش کردووە، تەنیا وەڵامێک بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بزانن چ پێوەرێک ئاستی شیعر دیاری دەکات، ئەوە وەڵامەکەی پێوەری مانەوەیە، مانەوەش واتە (کات). بە تێپەڕبوونی کات ڕەسەنایەتی بەرهەمەکانمان بۆ دەردەکەوێت، بۆیە هەموو شتە جوانەکان دەمێننەوە و مانەوەش دیوەکەی تری نەمرییە، یەکێک لە ڕاستییەکانی شیعر ئەوەیە کە بابەت جوان دەکات، تەنانەت شتە ناحەز و ناشیرینەکانیش، وەک مردن کە جێی ڕامانی تەواوی بیری مرۆڤایەتییە، هەر لە بوونییەوە هەتا ئەمڕۆش، مرۆڤ هەم لێی دەترسێ، هەم نازانێ چییە! ڕامانێکی هەرە جوانی ناو شیعر ئەوەیە کە (مردن دوژمن نییە، بەڵکو بەخشینە، خۆشییەکە وەکوو ئەڤین)، دوژمنی هەرە گەورە (کات)ە، نەک مردن، بۆیە پەشێو خۆی لە کات دەپارێزێت (نەک مردن) بۆ ئەوەی هەر زیندوو بێت.

بابەتەکان هەمیشە هەن و باس دەکرێن، بابەتی ژیان و مردن، ئەڤین و ڕک، ئەمانە هەر لەگەڵ دەرکەوتنی مرۆڤدا هەبوون، کۆنترین بابەتن، کەچی نە ژیانی کۆمەڵایەتی و نە وێژە وازیان لێ ناهێنێت. لە سەرەتادا هەموو شتەکان بە مرۆڤ نامۆ بوون، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، بوونەتە شتێکی ئاسایی، لێرەدا ڕۆڵی ئەدەب و هونەر دێتە کایەوە، جارێکی تر بە چەندان وێنەی هونەریی جیا جیا دایاندەڕێژێت و سەرلەبەریان نوێ دەکاتەوە و دەیاننووسێت و وێنەیان بۆ دەئافرێنێت.

ئیرۆتیکا بابەتێکی تایبەت و هەست هاڕووژێنە، بۆیە هەردەم بۆ خۆدەربڕین پێویستی بە پەنا و پەسیوێکی ئارام هەیە، بێ هەستوخوستترین جێش بۆ خۆشاردنەوە و خۆهەڵخستن بەرگی هونەر، وێنە، شیعر، تابلۆ، چیرۆک، داستان و ئەفسانەیە، ئەمانەش هەموویان پێویستیان بە سەلیقەیەکی هونەریی باڵا هەیە، کاری هونەری تەنیا ئامرازێکە، تەنیا فۆرمێکە کە دەتوانێ هەموو سنوورە داخراوەکان بکاتەوە و ڕوویەکی ئیستێتیکی بۆ بابەتی تابووکراو بئافرێنێت، هەر بۆیەشە بابەتی هەستدار و تابوو هەردەم پەنا بۆ هونەر، بۆ شیعر دەهێنن و لەوێدا خۆیان دەبیننەوە.

فۆرمی شیعری (هەڵچوون) نوێیە و لەوانەیە یەکەم شیعر بێت بەم شێوەیە نووسرابێ، شیعرەکە (دوور لە هەموو کێشە عەرووزییەکانی عەرەبی) بە کێشی پەنجەیی خۆماڵی و بە یەک قافیە داڕێژراوە و یەکێتیی بابەتی تێدا پارێزراوە، ئەمە کارێکی هێندە ئاسان نییە، داهێنانێکی نوێیە و تەکنیکێکی ترە کە شیعری کوردی پێ دەوڵەمەند دەبێت و ئەزموونێکی تری خستە ناو مێژووی ئەدەبی کوردییەوە.

**هەڵچوون**

**ساردیت دەمکوژێ. دنیا پایزە و**
**بەدەنی منیش ڕووتترین خاکە.**
**هاوینی تینوو لە ناخمدایە،**
**غەی خوناوکە لێوم تەڕ ناکا.**
**دە بتریشقێنە، هەوری شاقەلشۆڕ،**
**دە بیرووسکێنە... ببارە... داکە.**
**هێڵی سنووری نێوان من و تۆ**
**تراویلکەیە، وەهمی تریاکە.**
**گوارە و گەردانە فڕێ دە لاوە،**
**بسکت بەردەوە، کەزیت ڕەها کە،**

**ئەوەی گرێیە بیکەرەوە بۆم،**
**بە دوڕگەی ئەودیو تەمم ئاشنا کە!**
**سنگت بەندەن و دەشتی مەفتەنە،**
**ڕێی ڕەوە ئاسکی پەنجەم والآ کە.**
**لەشێک دەماری گڕی تیا نەبێ**
**کۆتەرەدارە... داوەڵە... لاکە...**
**گەمارۆم ناوێ، پەلامارم دە،**
**سەنگەر و قەڵام تەفروتوونا کە،**
**ڕنۆکت گیر کە لە شان و باسکم،**
**ئێسقان و پێستم هەلاهەلا کە!**
**لێوم کافرە، خوێنی حەڵاڵە،**
**گۆی مەمک و لێوت فێری غەزا کە،**
**لە ئاسوودەیی بەهەشت تۆقیوم–**
**هەناسەت گڕ دە، دۆزەخ ئاوا کە!**
**بێدەنگی بەزمی گۆڕنشینانە،**
**دنیا پڕ نرکە و زیڕە و زەنا کە،**
**هەڵبە گڕ بگرە، نێڵە و لرفەت بێ،**
**تەزوو بچێنە، شۆڕش بەرپا کە!**
**گیا بە - بشنێوە، دەریا بە - پێل دە،**
**چاو لە بوولەرزە، لە ڕەشەبا کە.**
**پایزی لەشە و هاوینی گیانە،**
**لە ترسی خەزان دڵم خەمناکە.**
**داباره سەرم، هەوری شاقەلشۆڕ،**
**نمەی خوناوکە لێوم تەڕ ناکا!**

**٨/١/٢٠٠٠- هێلسنکی**

بەها ڕەوشتییەکانی ناو بەرهەمی ئەدەبی بریتین لە ڕەسەنایەتیی داهێنان و ڕاستگۆیی گوزارشت کە دوورن لە هەموو بەها لۆژیکی و بەرژەوەندخوازییەکان، بەهرەی چێژدان بە هەر کارێکی هونەری، یان وێژەیی وا لەو بەرهەمە وێژەییە دەکات کە کارێکی سەرکەوتوو بێت، بەڵام بەو مەرجەی هەست و سۆزێکی ڕاستەقینەی تێدا بێت، ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی لەناو هەموو ڕەهەندەکانی جوانی و ڕەوشتی و مرۆڤایەتیدا دەژین، دوو ئەرکیان هەیە: ئەرکی ڕەوشت بەرانبەر جیهانی دەرەوە و ئەرکی داهێنان بەرانبەر جیهانی هونەری.

لە سەرلەبەری شیعرەکانی پەشێودا ئەوە نابینی کە شاعیر ئاستی لایەنێک لە لایەنەکانی شیعر فەرامۆش بکات بۆ بەرژەوەندی لایەنێکی تر، هیچ کاتێک پەشێو بە بیانووی شیعری مۆدێرن و پۆستمۆدێرن کێش و ڕیتم ناکاتە قۆچی قوربانی، پەشێو بەو کەرەستە شیعرییانەی لەبەر دەستیدان، دەسەڵاتێکی تەواو بۆ خۆی دەڕەخسێنێت کە هەر بیرۆکەیەک لە ناخیدا چەکەرە بکات، بتوانێت لە قاڵبێکی هونەریدا دەری ببڕێت، بێ ئەوەی دەستبەرداری کێش و ڕیتم بێت، هەر ئەمەشە وای کردووە شیعرەکانی ئەو شاعیرە بە گەشی بمێننەوە و ململانێ لەگەڵ کات بکەن، تەنیا بەها ئیستێتیکییەکان ڕستەی واتادار دەکەن بە شیعر.

شیعری (هەڵچوون) یەکێکە لەو شیعرانەی کە قسەکردن لەسەری پێویستی بە کەرەستەی ڕەخنەیی هەیە، چونکە هەم ساز و ئاوادارە، هەم بابەتێکی هەستداری وای هارووژاندووە، کە بەگۆهێنانی هێندە ئاسان نییە.

دوو بابەت هەن کە هەردەم شاعیران دەتوانن هونەر و سروشتی خۆیانی لێ هەڵبهێنجن، یەکێکیان ئەڤین (خۆشەویستی) و بەنگینییە (ئەشق)، ئەوی تریان مردنە، ئەڤین و مردن، ئەم دووانە تا ئێستاش پێناسەیەکی تەواویان بۆ نەکراوە و هەر پەردەپۆشن، هەر یەکێکیان پتر لە سەد پێناسەیان هەیە، بەڵام بەردەوام زانا و نووسەران و شاعیران وەک دوو بابەتی زۆر بە بایەخ لە نووسین و لێکۆڵینەوەکانیان ڕەنگ دەدەنەوە.

ئیرۆتیکای هەستەکی بەشێکە لە ئەڤین و خۆشەویستی، دوورە لە واتا ڕووتەکانی سێکسی، کێلییەکانی (چرکەسات) سێکس زۆر کەمن، ناتوانن ببن بە بابەتێکی سەرەکی وەک خۆشەویستی. لە ئیرۆتیکای هەستەکیدا خۆخاڵیکردنەوە ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە بەقەدەر ئەوەی گوزارشتێکە لە پێوەندییەکی خۆشەویستی، لەبەرئەوەی لە خۆشەویستیدا سۆز ژێیە هەستدارەکەیەتی، کەواتە ئەم پێوەندییە سۆزێکی خۆشەویستی دەئافرێنێت.

ئەم شیعرەش پتر پێوەندی بە ئیرۆتیکای هەستەکییەوە هەیە کە بەشێکە لە بەنگینی و ئەڤینی، ئیرۆتیکا لە مێژووی ئەدەب و کۆمەڵگادا جێیەکی دیاری هەیە، مێژووی ئیرۆتیکا لە سەردەمە کۆنەکاندا، سەردەمی ئەشکەوت و ئەفسانەکان بەشێکە لە: ڕۆشنبیریی کۆن، نەریت، کولتوور، نەخش و وێنە، هەروەها ئەدەبی

زارەکی، لە میتۆلۆژیای گریکی و یۆنان، تەنانەت لای هیندییەکانیش ئەوەندە پیرۆز بووە، بووەتە مایەی پەرستن، هەندێکی تر دەیگەڕێننەوە بۆ کتێبی پیرۆز کە لە سەفەری حەزقیالدا باس کراوە، لای وێژەوانانی عەرەب لە سەردەمی جاهیلیدا زۆر بە زەقی باس کراوە، لە وێژەی کوردیدا (نالی)ی شاعیر بە تاکە شیعرێک لە لووتکەی ئەم باسەدایە.

هەروەک وتمان، شیعر توانابییەکی هونەری زۆر بەهێزی هەیە، دەتوانێ هەموو شتێکی خوازراو و نەخوازراو، تابوو و ناتابوو بە شێوەیەک بنووسێت کە شتە تابوو و ناشیرینەکانیش جوان بکات و بیانکاتە بابەت، بەڵام شیعر و گۆتەی شیعری، دەتوانن وا لە کۆمەڵگا بکەن ئەو بابەتانە بپەژرێنرێت، لای پەشێو ئەم بابەتە زۆر بە وردی و بە شێوەیەکی هونەری دەستی خراوەتە سەر، من لێرەدا ئەم شیعرەم وەک نموونە بۆ ئەدەبی ئیرۆتیکا لە ئەدەبی کوردی هەڵبژاردووە.

**ساردیت دەمکوژێ. دنیا پایزە و**

**بەدەنی منیش رووتترین خاکە.**

بزانە لە دوو نیوە دێڕدا چەند شت کۆبووەتەوە، ساردیی ئەو کەسەی بەرانبەریەتی، وەرزی پاییز، جەستەی رووتی خۆی، پاییزان زەوی چاوەڕێی چی دەکات؟ ئاو چەند بۆ زەوی پێویستە، ئەوەندەش جەستەی ئەڤیندارێک پێویستی بە ڕاموسان و لێکهاڵان و چوونە باوەشی یەکتر هەیە. دەستەواژەکانی ئەم شیعرە زۆر دوورن لەو دەستەواژانەی کە لە کاتی ئاسایی بەکار دەهێنرێن، دوورن لە دەربڕینە کۆنەکان، کەمکردنەوەی بێژە و پترکردنی واتاکان (شیانی کورتکردنەوە- ایجاز القصر) لەم شیعرەدا تەواو جێی خۆی کردووەتەوە.

**سنگت بەندەن و دەشتی مەفتەنە،**

**ڕێی ڕەوەئاسکی پەنجەم واڵا کە.**

ڕەوەئاسکی پەنجە: ئەگەر بە تەنیا ڕەوەئاسک بووایە، ئەوە وشەیەکی لێکدراوی ئاسایی بوو، بەڵام کە دەبێتە ڕەوەئاسکی پەنجە، توانایی زمانەوانی شاعیر بەدەر دەخا و چۆنیەتی بەکار هێنانی ئەم وشانە لە شیعردا واتایەکی تایبەتی دروست دەکات کە لە واتا گشتییەکە جیاوازە و بەهایەکی ئیستێتیکایی نیشان دەدات، لێرەدا دەتوانین زاراوەیەکی ڕەخنەیی نوێ دروست بکەین: (جوانگۆیی گوزارشتی نوێ)، لە زاراوەکانی ڕەوانبێژیی عەرەبیدا چەند زاراوەیەکی لەم بابەت و لەم شێوەیەدا هەن، وەک (حسن الوصف، حسن الاتباع، حسن التألیف)، ئەمە کاری ئەو کەسانەیە کە شیعر بە دیوە ڕاستەقینەکەی خۆی دەخوێننەوە.

شیعر زمانە، زمان دەستاوێژ و ئامرازی شیعرە، ئەگەر ئەم ئامرازەت ئامرازێکی پتەو و بەهێز و دەوڵەمەند نەبێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەو بەرهەمە کێماسییەکی تێدا دروست دەبێت و شیاو و هەژیی ئەوە نابێت لەناو مێژووی ئەدەبدا جاویدان بێت.

**گوارە و گەردانە فڕێ دە لاوە،**

**بسکت بەردەوە، کەزیت ڕەها کە،**

**ئەوەی گرێیە بیکەرەوە بۆم،**

**بە دوورگەی ئەودیو تەمم ئاشنا کە!**

لێرەدا پەشێو بە لێخەفتن لە بەژنوباڵای ئەم شیعرە تەواو وای لە بابەتی ئیرۆتیکا کردووە کە ببێتە بابەتێکی ئەدەبیی کۆمەڵایەتی، زۆر دووری خستووەتەوە لە چێژی هەست و ئارەزووی جەستەیی.

-(بسکت بەردەوە کەزیت ڕەها کە): وێنەیەکە هەر لەخۆیەوە لە لایەنی ورووژانەکە دوورت دەخاتەوە و بەرەو ئیستێتیکای داڕشتنی وشە و مۆسیقای ناوەوەت دەبات و بە قەدی دارێکی ئاوداری گیانەوە هەڵتەدەزنێ و جەستەت لەبیر دەباتەوە، هەڵچوونەکە دەبێتە سۆزێکی گیانی و باڵی خەیاڵت پێ لێک دەدات و هەڵتەدەفڕێنێت، ئەمەیە ئەرکی شیعری داهێنەرانە، بابەتێکی سادەی ڕۆژانەی ژیانت لێ دەکاتە دنیایەکی ئەفسووناویی تژی لە وشە و جوانی.

**گیا بە، بشنێوە، دەریا بە، پێل دە،**

**چاو لە بوولەرزە، لە ڕەشەبا کە.**

هەندێک لە دەروونزانان دەڵێن خۆشەویستی سۆزە و هەندێکی تریان دەڵێن هەڵچوونە، واتە حەزێکی سێکسییە، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەم پێناسانەدا هەیە، هی یەکەم لە ژێر ڕکێفی هۆشدایە و هی دووەمیش حەزێکی رووتە و شتێکی سروشتییە. ئەگەر سەیری ناوونیشانی شیعرەکە بکەین، ڕاستەوخۆ پێت دەڵێت هەڵچوونە، بەڵام کە لە خوێندنەوەی شیعرەکە دەبیتەوە، هەست دەکەیت کە لە بازنەی حەز و ئیرۆتیکاوە چوویتە دەر و بە جیهانی خەیاڵ و شیعرەوە سەرقاڵ بوویت،

بابەتەکە بووەتە بابەتێکی شیعری، هەر بابەتێک کە ببێتە بابەتی شیعری، هەموو واتا و بڕیار و لێکدانەوەیەک دەکەوێتە ژێر ڕکێفی تیوری شیعرەوە و هەموو مافەکانی ئەم بابەتەش دەبێتە مافی تیوری شیعر، مافە سروشتییەکەی خۆی لەدەست دەدات، هەر بەها ئیستێتیکییەکانە وای لە شیعرە جنێوئامێزەکانی شێخ ڕەزا کردووە کە لەناو خەڵکدا ڕەواجی هەبێت.

ئەم گۆتە شیعرییەی سەرەوە کە دوونیو دێڕە و لە پێش کۆتایی شیعرەکە نووسراوە، شادێڕی ئەم شیعرە و تەواوی شیعرەکانی پەشێوە، وای لەم شیعرە کردووە کە لە پێناسەی دووەمی دەروونزانان ڕزگاری ببێت و پێناسەی یەکەم بپەژرێنێت، واتە ئەم شیعرە سۆزە نەک هەڵچوون و ئیرۆتیکایەکی جەستەیی ڕووت، ئەم سۆزە لە شادێڕی شیعرەکەدا دەست بەسەر هەموو شیعرەکەدا دەگرێت و وەک دوابەندی لاوکێک نیشانەکە دەپێکێت و وەک شادێڕ، یان بەیتێکی ناوازە (البیت النادر) خۆی دەنوێنێت. پەشێو بەیتی ناوازەی زۆرن کە دەکرێت ببێتە لێکۆڵینەوەیەک و ڕەخنە و ئەدەبی کوردی پێ دەوڵەمەند بکرێت.

نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە سەرەتای ژیان، خاڵی سەرەتایی سۆز و ئەڤین، هەڵچوون بووە، پاش هەڵچوون هەنگاوەکانی تری سۆز و خۆگونجان دەست پێدەکات، واتە هەڵچوونیش بەشێکە لەو ژیانە و ناتوانین فەرامۆشی بکەین، مێژووی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاش نەیتوانیوە ئەم لایەنە بسڕێتەوە، چونکە دوو لایەنی باشی ئەم هەڵچوونە نایەڵێت هەڵچوون فەرامۆش بکرێت: بەردەوامی و خۆشی، ئەم تێکەڵاوبوونەیە وا دەکات مرۆڤ بەردەوام بێت و خۆشییەکیش بە دەروون بدات، ئەمە جگە لەوەی کە هەڵچوون و سۆز کۆتاییان نییە، ئەڤین و سۆز هیچ ئامانجێکیان نییە تا ئەگەر گەیشتنە ئامانجەکەی خۆیان کۆتایی بەم کردەوەیە بێنن.

نهێنیی تابووبوونی هەڵچوون و مێژووەکەی تا ڕادەیەک دیار نییە، هەر ئایین نییە کە بووبێتە هۆی تابووکردن، چونکە ئایینیش لە کۆتاییدا بەرهەمی بیری مرۆڤایەتییە. زۆرجار مێژوو و شارستانێتی لە ئایین زیاتر تابوویان هەبووە، وەک لەبارەی ئافرەتەوە بەرچاومان دەکەوێت. ڕاستیی تابووبوون و نهێنییەکەی لەگەڵ دروستبوونی خێزان دەبێت هاتبێتە کایەوە، پێش دروستبوونی خێزان تابوو، یان نەبووە، یانیش زۆر کەم بووە و ئەوەندە بایەخدار نەبووە، ئەگەر سەیری گۆرانییە فۆلکلۆرییە کوردییەکان بکەین، یان سەیری حەیران بکەین و بەراوردیان بکەین لەگەڵ ئەدەبی نووسراوی کوردی، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە:

١-لە فۆلکلۆردا زۆر ئازایانە و بە بێ شەرم باسی هەڵچوون و ئیرۆتیکا دەکات.

٢- ژمارەی بابەت و ئەو شوێنانەی کە باسی هەڵچوون و ئیرۆتیکا کراوە لە ئەدەبی زارەکیی کوردیدا زۆر زیاترن لە ژمارەی هەمان دیاردە لە ئەدەبی نووسراوی کوردی.

٣- واتە ئایینیش نەیتوانیوە ڕێ لەبەردەم ئەو بارە کۆمەڵایەتییە بگرێت، یانیش نەیویستووە، چونکە لە ئایینیشدا کات و شوێن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە.

٤- لە ئەدەبی زارەکیدا، تەنانەت ناوی ئەندامەکانی زاووزێش زۆر بە زەقی گوتراوە.

٥- لە هەندێک گۆرانیی زارەکی کوردیدا، کە کچان بۆ کوڕانی دەڵێن، تەنانەت ناوی ئەندامی زاووزێی کوڕەکانیشیان هێناوە.

نالی لە ئەدەبی کوردیدا بە تاکە شیعرێک سەرتۆپە، ئەم شیعرەی نالی پێویستییەکی زۆری بەوە هەیە کە لێی بکۆڵرێتەوە و لەگەڵ ئەدەبی جیهانی بەراورد بکرێت کە ئایا هاوتای ئەم شیعرە هەیە، یان نا؟

ئەم شیعرەی پەشێو نزیکەی بیست ساڵە نووسراوە، لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، پاش شاعیرانی کلاسیک، یەکەم لاکردنەوەیە لە هەڵچوون و ئیرۆتیکایەکی لەم شێوەیە، دووبارە گەڕانەوەی هەندێک بابەتی هەستداری گرنگی کۆمەڵایەتییە بۆ ناو بواری شیعر و ئەدەبی کوردی، ئەم شیعرە بوێری و ڕاستگۆیی شاعیر نیشان دەدات و هیچ گومانیشم نییە کە ئەم شیعرە بەشێکە لە خۆی، چونکە هەڵچوونێکی بێ وێنەی تێدا هەیە:

**لێوم کافرە، خوێنی حەڵاڵە،**

**گۆی مەمک و لێوت فێری غەزا کە.**

هەر سێ وشەی (کافر، حەڵاڵ، غەزا) سێ وشەی ئایینین، چۆن جێگات کردەوە؟ ئاخر چۆن لەگەڵ گۆی مەمک ئاشنایەتیت پێ پەیدا کردن؟ چۆنت بەیەکتری ناساندن لە شیعرێکی وا ئیرۆتیکی؟ ئەمە کاری وەستایەتیی شاعیرە، سەلیقە و دارشتنکاریی هەست و سۆز پێویستی بەم وەستایەتییە هەیە، ئەگینا خۆ

کەرستەکانی شیعر هەن، بەڵام لای هەموو شاعیرێک وەگیر نایێن، یان کیمیاسییەک لە بەکارهێنانی ئەم کەرستانەدا هەیە.

ئەم شیعرە پێشکەوتنێکی سروشتیی روونی پێوە دیارە، خۆی لە ڕێڕەوە سروشتییەکە هەڵنابوێرێت، بۆیە پریەتی لە لڤین، وەک تفەنگدارێک باش دەئەنگێوێ و نە لە هەرد و نە لە هەوا وشەسوارەکان نابوێرێت و لە گوزارشتدا خەیاڵوەشێنێکی کەم وێنەیە و باشیش دەیانخێوێنێتە واتاکان.

**داباره سەرم، هەوری شاقەلشۆڕ،**

**نمەی خوناوکە لێوم تەڕ ناکا!**

کۆتاییەکانی شیعری پەشێو هەردەم دوابەندی نیشانەشکێنن، پەشێو لە کۆتاییدا واز لە هەڵچوونەکە دێنێت و ڕوو لە هەوری هیوابەخش و بە پیت دەکات: (داباره سەرم هەوری شاقەلشۆڕ)، لێرەدا بۆ بابەتە سەرەکییەکە دەگەڕێتەوە کە تەواوی ژیانە نەک تەنیا بەشێک لە ژیان، هەور، بەفر و باران دادەکات، هەمووان دەژیێنێتەوە، هەڵچوون خوناوکەیە، دڵۆپێکە لە دەریایەک. گوزارشتی (نمەی خوناوکە لێوم تەڕ ناکا) بەسە بۆ ئەوەی پێت بڵێت فەلسەفەی ئەم شیعرە لە کوێدایە، لە پێکانی واتاکەدا جۆرە خەمێکی فەلسەفیی خەیامانەی تێدا دەبینرێت، زۆر ناسکانە لەگەڵ خۆی دەدوێت و ڕوو لە ناخی خۆی دەکات و پێی دەڵێت: کە ژیان تەنیا هەڵچوون نییە، بەڵکو چەندان ڕەگەزی ترن کە بەشدارن لە بەردەوامیدان بە ژیان وەک: ئەڤین، سۆز، تێکهاڵانی جەستە و گیان.

مۆسیقای ناوەوەی ئەم شیعرە بەقەدەر مۆسیقای دەرەوە بایەخی پێ دراوە، مۆسیقا لە شیعری پەشێودا دیاردەیەکی تایبەتە و نهێنیی شیعرەکانیەتی، مۆسیقا خۆی دیاردەیەکی سروشتییە، زانایەک دەڵێت شارستانی بێ بیرکاری، بێ وێنە و بێ نووسین هەبووە، بەڵام شارستانیی بێ مۆسیقا نەبووە، بۆیە لە ناسکەدارشتن و بەکارهێنانی کورتەوشە و پەسندان و هەڵچوونی واتادا جۆرە مۆسیقایەکی بۆ شیعرەکە ئافراندووە کە وای کردووە هەر بەیتێک جۆرە سەمایەک بنوێنێت، زمانی ئەم شیعرە وا لە هەست و ئەزموونی مرۆڤ دەکات کە بە خەیاڵ هەست بە وێنە شیعرییەکان بکەیت، چونکە زمان کۆنترین هاوڕێی مرۆڤە، دەستاوێژی شیعرە، ترپەی وشە و کاریگەریی بیستن دوو هێزی زۆر گەورەن کە کار لەسەر خوێنەر دەکەن، بۆیە پەشێو چەند گرنگی بە واتا داوە، ئەوەندەش گرنگی بە زمان و زمانی شیعری و مۆسیقای شیعری داوە، گۆڕانێکی دینامیکی لەم شیعرەدا دەبینرێت، زمان و زمانە شیعرییەکەی بۆ ئاستێکی بڵند بردووە، ئەم شیعرە یەکێکە لە شیعرە زیندووەکان، باشترین پێوەریش بۆ بڕیاردان لەسەر ئیستێتیکای سەرکەوتوو، جگە لە چێژ و ئارەزوو، پێوەری زیندوومانەوەی کاری هونەرییە.

**سەرچاوەکان:**


**١- عەبدوڵلا پەشێو: هەسپم هەورە و رکێفم چیا، چ٤، چاپخانەی ڕۆژهەلات، کوردستان، ٢٠١٤.**

**٢- ئاسۆ عومەر مستەفا: بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالح و گۆران، چ١، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٩.**

**٣- الطاهر لبيب: سوسولوجيا الغزل العربي، ط١، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠٠٩.**

**٤- احمد الخليل: الكون الشعري، الهيئة العامة السورية للكتاب، ٢٠٠٧.**

**٥- عبدالحق منصف: أبعاد التجربة الصوفية، افريقيا الشرق، المغرب، ٢٠٠٧.**

**٦- مجموعة من الكتاب: ثنائية الكينونة النسوية والاختلاف الجنسي، ت: عدنان حسن، دار الحوار للنشر و التوزيع، ط١، ٢٠٠٤.**